# دوین، هێدیاب، ئادیابێن

**(Dwin, Hediab, Adiaben)**

**ئازاد کەریمی نووسیویەتی**







**Incloudes English, Kurmanji and Persian versions**

**Written by Azad Karimi**

## ئەم بابەتە:

لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی

بە خوێندنەوەیەکی دروست و وردەوە

لەسەر بنەمای سەرچاوە کوردییەکان.

**مافی بڵاو کردنەوەی ئەم نامیلکە دراوە بە کوردیپێدیا.**

**سوپاس بۆ ئاهوڤا بۆ هەبوونی لە جیهانی مندا.**

# پێشەکی

خوێنەری هێژا!

بەختەوەرم بابەتێکی تازە پێشکەشی ڕای ئێوە ئەکەم، هیوادارم زانیاریەکانتان زیاتر بکات.

سەرەتا بە بۆنەی هاتنەوەی جەژنی نەورۆزەوە پیرۆزباییتان لێئەکەم و لە خوا داوا ئەکەم یارمەتیمان بدات دەوڵەتێکی ئازاد و سەربەخۆمان ببێ بێ ئەوەی کەس بتوانێ ئازارمان بدا با ئێمەیش بە ئاسایشی و کامەرانی یەوە ژیان بکەین و شانازی بکەین بە خۆمانەوە وەک هەموو گەلانی سەربەخۆی ئازاد لە سەرانسەری جیهاندا. ئەمساڵ ساڵی ٦٣٧٩ لە ساڵنامەی ٧٠٠٠ساڵەی ماردوخییە و نەورۆز یان جەژنی زوروانی ئەکەوێتە یەکەم ڕۆژی مانگی کامەران کە چوارەم مانگی ساڵە.

نامەوێ بە گلەیی و بناشتەوە دەست پێبکەم بەڵام قسە دێ بە بەر قسەدا. ماوەیەک پێش ئێستا یەکێ لەو شێخە عەگاڵ بەسەرانەی سەعودی نامەیەکی ناردبووە خزمەت سەرۆک کۆماری ئەمریکا و دوای ئاە و ناڵە و سکاڵا و کوڕوزە کوڕوزێکی زۆر و ئەوە گوایە ئێمەی عەرەب شاخمان وایە و باڵمان وایە و لەم جۆرە قسانە وا لە لای ئێمەی کورد پێی ئەڵێن "هاژە و هووژە" ئەم ڕستەی نووسیبوو کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام. دیارە قسە لە قووڵایی زگیەوە هاتبوو نەک لە قووڵایی هزریەوە.

ئەو کابرا نووسیبووی: ئێمە وەک خەڵکی تر فەرهەنگمان تێک نەچووە... لەوانەیە مەبەستی ئەو کابرا ئەو فەرهەنگەیە وا سێر لۆرەنس(Thomas Edward Lawrence) بۆی داتاشین.

ئیتر ئەڵبەت نازانم مەبەستی کێ بوو، دیارە ئەو بافیشەی ئەو کابرا هەر لەوەدا نەبوو بەڵام هەتا ئەو جێگەی بزانم جەنابی س.کۆمار دانالْد ترامپ هیچ وەڵامێکی نەداوەتەوە پێی.

باس ئەوەیە ئەو چۆن ئەزانێ فەرهەنگی ئەوان تێک نەچووە؟ زمانی عەرەبی وەک خۆیان ئەڵێن هیچ دەقێکی نووسراوەی کۆنتر لە قورئان ی نیە. کام پاپیرۆسیان، کام پێستە ئاسک و کام تۆمار و کام بەردەنووسیان لە مەکە و مەدینە و تایف و جەدە دۆزیوەتەوە و داویانە بە پسپۆڕان تا لێکۆڵینەوەی لە سەر بکەن؟ تەنانەت سێ ساڵ پێش ئێستا حەجەرەلئەسوەدیان نارد بۆ لێکۆڵینەوە وەڵام هاتەوە بەردێکی ئاسایی یە و هیچ جۆرە کانزایێکی تایبەتی تێدا نیە. بەدەر لەوانە زمانی عەرەبی زمانێکی پایە و ڕەسەن نیە، زمانی عەرەبی تێکەڵەیێکە لە عێبریێکی سواو لەگەڵ زمانی قوبتی کۆن و ئامووری و فینیقی و میتانی کۆن کە هەمان پاڵە و ئارامی و سریانییە بەڵام بە ڤێرژێنێکی زۆر کۆنەوە.

خەڵکی ئێمە وا ئەزانن وشەی شێخ ، شەخس و دەروێش و سۆفی و شلاق و حنین و... عەرەبین و هاتوونەتە ناو زمانی ئێمەوە. نەخێر وانیە. هەمووی کوردین بەڵام بە عەرەبی کراون. دواتر

هاتوونەتەوە ناو کۆمەڵگەوە. هەر چەندە زمانی عەرەبی لە سەر زمانی کوردی کاردانەوەی زۆر کەم بووە بەڵام بە دڵنیاییەوە زمانی عەرەبی وەک زمانی کوردی نیە. کوردی زمانێکی ڕەسەنە بەڵام عەرەبی زمانێکی "اشتقاقی"یە.

فەرهەنگی ئێمە تێک نەچووە، لە بەر ئەوە زمانی عەرەبی کە لە قورئاندا نمووی هەیە هەتا پەنجا شەست ساڵ پێش ئێستا نەکرا بوو بە کوردی کەواتە ئەو زمانە بێگانە نەیتوانیوە ڕەگ و ڕیشەی لە ناو فەرهەنگ و زمانی ئێمەدا هەبێ. مەلاکانیش هەزار و چوارسەت ساڵ چوونە سەر منبەر و بە خەڵکیان ووت عەرەبی زمانی خودایە و پیرۆزترین زمانە، خەڵکیش هەر ووتیان بەڵێ وایە بەڵام کەس نەبوو بە عەرەب. لەم سەت ساڵەی دواییشدا وا وڵاتانی ئێراق و سوریا بە دەستیی بریتانیا و فەڕەنسا بە نەخشەی جیهانەوە چەسپ کران عەرەب ئەوەندە ئازاری کوردیان داوە کە کەس زمان و فەرهەنگی عەرەبی بە تەڕەتۆڵەش ناوێ. ئیتر باسی چی بکەین کاتێ ئەو کابرا و کەسانی وەک ئەو پوڵ و پارە کەوتووەتە بەردەستیان و خۆیانی پێوە ڕا ئەدەن.

چەند لینکم لە کۆتایی ئەم بابەتەدا داناوە یەکیان هی ویکیپێدیایە و سەبارەت بە بابەتی ئەدیابێن یان دوین نووسراوە. یەک شت زۆر دایچڵەکاندم یەک ڕستە بوو کە نووسیبووی: خەڵکی ئەدیابێن تێکەڵەیەک لە عەرەب و سریانی و ... بوون. دیارە ناوی کوردی نەنووسیوە بەڵام درووست کردنی ئەم قسە لە دێڕی دواتردا زۆر قۆشمەترە وا ئەڵێ: بەڵگە بۆ ئەم قسە کە ئادیابێن عەرەبی تێدا بووە ئەوەیە کە یەکێ لە فەرمانڕەوایانی ئادیابێن ناوی "ئەبدیسەڕە" بووە!

هەر لە بەر وشەی "ئەبدی-..."…. سەرم سووڕما لەو هەمووە نەزانکاری و خۆ لە نەزانین توندکردنە بۆ ئەوەی ئامانجی سیاسی وەپێش بدەن... ئەبدی بە واتای عەبد لە عەرەبی دا نیە. ئێستاش لە کورمانجی و عێبری دا "ئە" ئەخرێتە پێش زۆر وشەوە... ئەگەر ئەم وشە عەرەبی یە بۆ بە گوێرەی قسەکانی ناو ئەو نامەی سەرەوەش بێ وا ئەڵێ زمان و کولتوری عەرەبی پایە و ڕەسەنە، هیچ ناوێکی عەرەبیمان نیە نزیک بێ لە ئەبدیسەڕەوە؟

تەنانەت عەرەبەکان نازانن " ئەبرەهە"ی ناو "اصحاب فیل" واتای چیە. من لە چەند برادەری خەڵکی ئێتیوپیام پرسیار کردووە سەبارەت بە " نەجاشی" شای ئەو وڵاتە لە سەردەمی دەسپێکی ئیسلامدا، کەس نەیئەزانی واتای چیە لە بەر ئەوە لە مێژووی ئێتیوپیادا کەسێ بە ناوی نەجاشی شا و فەرمانڕەوا نەبووە...

ئێستاش لە قاموسە کۆنە عەرەبیەکانی سەدەکانی دوای فتوحات دا - وەک خۆیان ئەڵێن- کەس نازانێ ایوان مداین واتای چیە؟ یان تاق کسرا لە کوێیە، یان تیسفون واتای چیە و لە کوێیە...

بەغدا و شام و حەڵەب هەتا دووسەت ساڵ پێش ئێستا نیوە بە نیوە دانیشتووانەکەیان کوردی هەبووە. یان کتێبی هەزار شەو و یەک شەو و شاریٚ زاد و ...ئەوەی لە ناو ئەو کتێبەدایە وێژەی فۆلکلۆری کوردانی کۆن بووە. ئەم پەرتووکە جیاواز بووە لە دەقە ئایینیەکان. عەرەبەکان هەر نازانن ئەم کتێبە چۆن هاتووەتە ناو فەرهەنگی ئەوانەوە.

کورتەی باس ئەوەیە ئەم بابەتەم بە زاراوە کوردیەکانی سۆرانی و کورمانجی نووسیوە و هەروەها دەقە ئینگلیزی و فارسیەکەیشی تێدایە. دڵم نەهات لەیەکیان جیا بکەمەوە. پێم خۆش بوو ئەم بابەتە بەتێکڕایی بکەوێتە دەستی خەڵک.

لێرەدا پێش ئەوەی بابەتەکە بخوێننەوە ئەبێ ئەوە ڕابگەیێنم وێنەکانی ئەم نامیلکە هی برای زۆر خۆشەویستم کاک دوکتور هەڤاڵ نەژادن کە لە وێبلاگی هەڤاڵنامەوە کە خۆی سەرپەرشتی ئەکات هەڵمگرتوون و زۆر سوپاسی ئەکەم، بەڕاستی یارمەتیدەرم بوون لە شیکاریی دا... دیارە ئەوەندە ڕام دیت کە بێ ئەوەی ئاگاداری بکەمەوە ئەم وێنانە دابنێم.

هەڤاڵ نەژاد پیاوێکی بوێر و دڵسۆز و وڵاتپارێزە. دوکتورای لە بواری یاسادا هەیە و لە هەولێر ئەژی، یەکێ لەو شارانەی وا ئەبدیسەر و نەبەز و ئازاد و شاژن هێلین دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا دەستیان بە سەریدا ڕۆییشتووە و بەشێک بووە لە شانشینەکەیان. هەڤاڵ نەژاد سێزدە ساڵ پێش ئێستا پێی ووتم پڕۆفایلێک لە کوردیپێدیادا بۆ من درووست ئەکات با کتێبەکانم ئارشیڤ بکرێ. ئەو کات پێنج کتێبم بۆ نارد بۆ ئارشیڤ، ئێستا بەم بابەتەوە ٢٤٥ کتێب و بابەتی جۆراوجۆرم لە کوردیپێدیادا تۆمار کراون. ئەو کات کاک هەڤاڵ هاوکاریی کوردیپێدیای ئەکرد. دەستی خۆش بێ و منەتداریم.

لە کۆتاییدا ئەڵێم ئەوەندە ئەزانم ئاستی وریایی کۆمەڵایەتی زۆر بەرزترە لەوەی وا بیرم لێئەکردەوە. ڕاشکاوانە بڵێم گەنجان و لاوانی کورد زۆر جیاوازن لەگەڵ گەنجانی دە، بیست و سی ساڵ پێش ئێستا.

لە خوا ئەپاڕێمەوە کچان و کوڕانی کورد سەرکەوتوو، دامەزراوە، حەساوە و بەختەوەر بکات.

بە هیوای سەرکەوتن!

ئازاد کەریمی

درامێن، وڵاتی نۆروێژ

١٨ی ئاداری ٢٠٢٥

||||||||

ئەگەر لە ویکیپیدیا یان ماڵپەڕەکانی تردا بە دوای زانیاری لە سەر شانشینی ئادیابێن دا بگەڕێیت، بە ئەگەرێکی زۆرەوە بابەتانی زۆر سەرنجڕاکێشت دەست دەکەوێت. بەڵام ئەم بابەتانە وا ئەیاندۆزیتەوە لە دەقە ڕۆمی یە کۆنەکانەوە وەرگیراون و ناوی کەسایەتییەکان و شوێنەکانی ناو ئەو دەقانەش لە زمانی ڕۆمایی کۆنەوە کە لاتینە، وەریانگێڕاونەتەوە بۆ زمانی ئینگلیزی. بۆیە زەحمەتە لە زمانی کوردیدا بەردەوام بوونێکی نەپساگی مێژوویی لە ڕوانگەی کرۆنۆلۆژیکەوە، واتە پەیوەندی نێوان ڕابردوو و ئێستا، لە نێوان ئەم ناوە نامۆانەدا بدۆزینەوە. زمانی کوردی، بە هەموو شێوەزارەکانیەوە، لە سەرەتای سەرهەڵدانی شارستانیەتەوە تا ئەم قۆناغە زمانی هەمیشەیی خەڵکی کوردستان بووە.

وشەی کورد و زمانی کوردی، لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا لە هەزار ساڵی ڕابردوودا، ئاماژە ئەکا بۆ هەموو ئەو زاراوانە یان شێوازە قسەکردنانە وا لە جوغرافیای مێژوویی خاکی ماد و پاڵە دا هەبوون.

ماد𐎶𐎠𐎭 Māda و پاڵە 𐎱𐎠𐎼𐎿 P’lsy ، واتە بنارەکانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و دەشتەکانی تەنیشتی بە هەردوو دیویەوە، کە لە لایێکەوە ئەگاتە دەریای قەزوێن و لە لایەکی دیکەوە دەگەیشتە کەنداوی وەرمز (کەنداوی فارس) و لە لایەکی دیکەوە دەگەیشتە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست.

کۆنترین خەڵک وا لەم ناوچەدا ژیاوە، کەشپییەکان بووە.

کەشپی بە واتای کەشمی یان کاسەی مانگ دێت و ئاماژەیە بۆ شارێکی دێرین کە حەوت مەڵبەندی هەیە. ئەم شارە ناوی (کور-دیلمون) بووە و بەپێی دەقە سومەریەکان دوانزە هەزار ساڵ پێش ئێستا و بەر لە لافاوی گەورە ناوەندی شارستانیەتی جیهانی کۆن بووە. ئەم شارە پەرستگایەکی هەبوو کە بە گوێرەی نووسراوە سۆمەرییەکان شوێنی دروستکردنی مرۆڤ و باخی ئەدەن بووە. ئەم باخچە بە زمانی کەشپیەکان ناوی "دنیا" بووە و دواتر لە دەقە عێبری یەکاندا بە " گەن ئەدەن -גַּן־עֵדֶן " تۆمار کراوە.

ئەم باخە شوێنی داری زانایی و درەختی ژیان بووە. لای درەختی زانایی بە شوێنی ناسینی چاکە و خراپە ناسرابوو و لە نیشانەی ئاسمانی دەیەم واتە "تیشرێی"دا هەڵکەوتبوو.

تیشرێی بە عێبری یان ئارتوش بە ئەرمەنی یان زەردەشت بە سانسکریت یان هۆشەیەرە بە کوردی یان ئەتروش بە سریانی هەمان هووە-خشە-تەرەیە، بە واتای پارادایس یان بەهەشت بە ئینگلیزی. تیشرێی

شوێنی هاوسەنگی گەردوونە. دەقەکانی سۆمەری لەسەر فەرمانداڕەکانی پێش لافاوی گەورە و وێرانبوونی پەرستگای کور-دیلمون و دنیا(جیهان) بەهۆی ئەم لافاوەوە دەنووسن. ئەم هەڵەیە لە نێو مێژوونووسانی کۆندا کراوە کە ژێر ئاوکەوتنی دنیا(باخی ئەدەن)-یان بە نوقم بوونی گۆی زەوی لێکداوەتەوە. چونکە لە زمانی کەشپیدا "دونیاش" یان "دونیا" بە واتای پانتای جیهان یان بەری زەوییش هاتووە.

لە ڕاستیدا دونیاش یان دنیا، ئەو بەشە بوو لە پەرستگەی کور-دیلمون کە یەکەم کلۆرۆفیل کە سەرچاوەی سروشت بوو تێیدا گەشەی کردووە، کور-دیلمون یان بە بەهەشتی ئانونناکی ناوبردووە. فینیقیەکان بە ئانونناکی یەکانیان دەگوت "عەیناقی". بەگوێرەی کتێبی (مانوویيگی خڕەتە) یان حیکمەتی ئەبەدی، خەڵکی کور-دیلمون کە دواتر بە خونیرە بامیک ی ئارینیم وایچە ناویان بردووە و ئاشوورییەکان پێیان دەگوت خارونا و شوراوێ، واتە کانگای ئاوی شۆر یان ئاوی بەخوێ، ئەوان گەلێکی پتەو و زەبەنا بوون. لە زمانی کۆنی کوردیدا بە ئانونناکی ئەووترا: "کەینانی" یان "کەیانی" یان "کەنانی" بە واتای کانیاو و گەلی کەشپی کەسایەتی نەتەوەیی خۆیان بۆ ئەوان گەڕاندەوە. لە نێو هۆزەکانی تری کوردستانی کۆندا، ئانونناکییەکان پێیان دەگوترا "هەناخی" و "ئەناشی"، "ئەشانی" و "ئەنشانی" و "کەشانی". کەشانی یان کاشانی هەمان کاشپی یان قاپی مانگ بووە، لە کتێبی پیرۆزدا کەشپی یان کەشانی بە کوش تۆمار کراوە. کاشپی یان کاسەی مانگ لە ڕاستیدا بە واتای "چاوی زەوی بۆ مانگ" دێت. ئەم مانایە لە کانیی خوێدار(سۆڵاو، شۆراو، سوێراو)دا ڕەنگدانەوەی هەبوو وا پێشتر باسم کرد. کاشپی لە ڕاستیدا کەش-می یان چەش-می یان چاوی مانگە. ئەم شوێنە لەسەر زەوی ئەتوانێ چاودێری هەیڤ یان مانگی شەوی یەکەم بکات کە زۆر دوورە لە زەوییەوە.

ئەم کانیاوە لەلایەن سەگی تانجی یان "تەنگی وەر"ەوە پاسەوانی دەکرا. تانگی یان تانجی، تاجی، تاژی دواتر بە ناوەکانی دەنگی، شەنگی، سەنگی، زەنگی، گەنجی، جەنگی، گەنجی، ئەنزی، ئەزنو، ئەسنو، نوزی، نوزە دووبارە کرایەوە.

سۆمەرییەکان تەنگی-وەر یان زەنگی یان وەک شەگی نووسیوە و ڕەچەڵەکی خۆیان بە شەگی-گا، شەکی-کا، کەشی-شا، شەکۆ، چەکۆ، سەقۆ، سەکۆ، سەکا، سەگوان، زەنگوان، زەنگینە، زەنگی وان یان "خاوەن سەگ" پەسن دەدا. سەگوان بە واتای شوان دێت و پێغەمبەرانی کۆن نازناوی " شوان چوخا"-یان بە خۆیان بەخشیوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە ئەوان ئاڵاهەڵگری ئایینی ئانونناکین. لە ڕاستیدا شوان هەمان "چوی-پا" یان چاوی مانگە کە کەشانی یان کانیاوی مانگە. کەشانیەکان(ئەکشەنیەکان، ئەشکەنیەکان) خەڵکێکی بەخۆ و چوارشانە و باڵابەرز وتەژە بوون، خەڵکی کور-دیلمونیش بە پێی کتێبی "مانوویيگی خڕەتە" وا زیاتر لە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر نووسراوە، وا بوون. کتێبەکە بە لابەلا دەنووسێت:

ئەوان ئوشیدەر بوون. واتە دەروێش و خاکینە و خۆڵینە بوون. ئوشیدەر بە شێوەزاری هەورامی ئێستا دەخوێندرێتەوە: چەشمی-دەر یان چەشمی-یەر کە بە واتای کانیاو دێت. کەواتە ئەوان هەمان خەڵکی کەشانین.

ئەم نەتەوەیە بە گوێرەی ئەرکەکانیانەوە لە پەرستگەی کور-دیلمون دا دابەش کراوە. ئەوان پانزدە پیشەوار بوون و هەموو شەوێک یەکێک لەو پیشەوارانە پاسەوانی ئەم پەرستگەی دەکرد کە ئاگرێکی ئەرخەوانی تێدا بوو وا لە ژێر زەوییەوە هووژەی ئەکرد. ئەم ئاگرە "ئاڵی ڕەنگ" بوو، بە کوردی ئاڵ بە واتای سووری خوێنین دێت، کە پێی دەگوترا " ئارخونا" یان "ئەرخەوان". ئاشوورییەکان بە ناوی (خارونا) تۆماریان کردووە و کتێبی "زانایی بێ کۆتایی" یان "مانوویگی خرەتە" کە بە زمانی کوردی پاڵویی نووسراوە، بە ناوی "خونیرە" تۆماری کردووە. ئەم ئاگرە ئەرخەوانییە هەم سوور-ئاڵی بوو و هەم لە نیشانەی ئاسمانی هەسارەی مەهرو یان مەخرودا بوو.

مەخرو یان ماروخ لە دەقە پاڵوییەکاندا بە واتای هەسارەی مەریخ دێت. لە ڕاستیدا عەرەبەکانی سەدەی هەشت و نۆی زایینی بە مەڕوخیان ئەکووت مەریخ. ئەم وشانە: مەروخ، خورام، خومار، مارخی، مارگی، هەرکی بە واتای تاڵ، پاسەوانی قەڵای میدیا، چۆڵەوانی، گۆزە هاتوون هەمووشیان لە کاتیگۆری مەخرو واتە بارام دان کە بە لاتین پێی دەڵێن مارس.

ئەم دەسپێکەم تا ڕادەیەک بۆ ناساندنی وشەی کەشپی وجۆرەکانی تری ووتنەوەییم لە چاخە جۆراوجۆرە مێژووییەکانی دواتردا نووسیوە وەک: کاشی، کوشی، کەشانی، سەکا، کۆماسی، مەشکی، ئەشکی، زەنگی، سەنگەنا، مەنگویی، مەگویی، سەنگوپی، سەنگوتی، ئەنگوتی، مەنگوتی، گوتیۆم و هتد.

لەم نێوەندەدا هێشتا وشەی سەکا (Scythia) لە دەقە ڕۆمییەکانی سەدەی دووەم و یەکەمی پێش زاییندا ئەکەوێتە بەرچاو. بۆ نمونە لەو دەقانەی وا سەبارەت بە شانشینی ئادیابێن نووسراون و ئادیابێن ئەو هەرێمە بوو وا لە دە وروبە ری ڕووبارەکانی خابوور و زێ ی گەورە و زێ ی بچووک دا هەڵکەوتبوو و برێتی بوو لە شارستانەکانی هەولێر، ڕواندزێ، سۆران، نینەوا، بادینان، کەرکوک، جزیرا بۆتان، ئامێدی، ئامەد، شنگال و داسنان و ماردین. لەم دەقانەدا پاشا و شاژن و شازادەی جێنشینی ئەم شانشینە بە ناوەکانی نەبەز(مونەبەز) و هێلین و ئازاد (ئیزاتێس) لە تیرەی سەکاییەکان دەناسێنرێن. شاژن هێلین لە تەریقەتی میزراخی یان خوسرەوانی-جوولەکەوە ئایینی گۆڕا بۆ تەریقەتی کەنعانی یان جوولەکەی ئورشەلیم لە ڕێگەی بانگەشەی بازرگانێکی جولەکەوە بە ناوی "خەنانیا بن ئێلی عێزێر". شاژن هێلین باری کردووە بۆ ئورشەلیم و پوڵ وپارەی زۆری بەخشیوە بە ڕێکخراوە خێرخوازییەکان

و کۆشک و بینای شایانی بۆ خۆی و کوڕەکەی "ئازاد" دروستکردووە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە.

خەڵکی ئەم شانشینە پەیڕەوی ئایینی کۆنی بایی و مەزهەبە جۆراوجۆرەکانی بوون، لەوانە کەڵدی، ئەردەوانی، ئەشکوزی، خیوینی، ئاسوریگ، سولاکی، خوزایی یان ئێلخاسی، گاوری یان خاوەری، شەماشی، چەرخی، مەشیاخی، میزراخی یان خوسرەوی، ئەکاکی، یاری، گۆرانی، مەردی، ئەرتوشی، دەرویشی، پاڵەیی و هتد.

جیاوازی مەکتەبی میزراخی و مەزهەبەکانی لە ئایینی بایی لەگەڵ مەکتەبی کەنعانی ومەزهەبەکانی لە ئایینی بایی لە پرسی سروشتی ڕۆح و پرسی ژیانی دوای مردن بوو. ڕێبازی میزراخی باوڕی بە دووبارە لەدایکبوونەوەی سوڕ یان هوڕ(ڕۆح) دوای مردن هەبوو، بەڵام قوتابخانەی کەنانی و مەزهەبەکانی وەک یەهوودی و مەزدی یەسنا کە لە ژێر کاریگەری ئایینی ئامۆنیزمی قبتیدا بوون، باوەڕیان بە کۆچی ڕۆح دوای مردن بۆ جیهانێکی دیکە هەبوو.

واتە ڕۆح بنەچەیەکی هەبوونی و چارەنووسی لەگەڵ جەستەدا هەیە و ڕۆح و جەستە لە "زوو-پیر" یان قەدیم ەوە واتە ئەزەل هەتا "بوو-وەر" واتە حادث یان ئەبەدیەت بەیەکەوە گرێدراون و ئەو ڕۆحەی کە لە جەستە جیابووەوە دوای مردن لە جەستەیەکی دیکەدا "خن" یان حلوول ناکات بۆ ئەوەی جارێکی تر لەم دنیادا ژیان بکاتەوە. بەڵکو ڕۆح، کاتێک لە جەستە جیا دەبێتەوە، ئەڕوات بۆ جیهانێکی تر، پاشان لە کاتێکی دیاریکراودا، کە کەس نازانێت کەیە، هەموو ڕۆحەکان دەگەڕێنەوە و خن ئەبنەوە لە جەستەکانیاندا وئەمجار ئەبووژێنەوە و هەڵدەستن و دەست بە ژیان ئەکەنەوە.

بەڵام ڕێبازی میزراخی پێی وابوو کە زیندووبوونەوەی هوڕ یان ڕۆح دوای ئەوەی لە جەستە جیا ئەبێتەوە ئەکەوێتە قۆناغی دەونادون یان تەناسوخەوە و ئەکەوێتە ژێر "پرس و جۆ"وە لەسەر پردی "چن-ما". چنما هەمان وشەی چمایە لە زمانی کوردیدا، بە واتای "بۆچی". ئەم پردە شوێنی لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوەی ڕۆحە بۆ ئەوەی ڕزگار بێ یان بکەوێتە خوارەوە بۆ ناو "دوزەخدەرە" یان خورشیدە.

دوزەخدەرە یان دۆڵی دۆزەخیش هەمان ئوشیدەر یان تەنووری ئاگری ناوەندی خۆرە و پاسەوانەکەی نێرگال یان سوریجایە. فریشتەیەک کە هێماکەی دەستێکی ئاسنییە بە پەنجەی کراوەوە.

ئەم دەستە کە پێی دەوترێت ئەردیواسور یان دیوارشیر، ئەردەشیر، بەردوشیر، سورەوەرد، هێمای دەستی سورەکە، سوریجا یان نێرگالە. پێنج قامکی ئەم دەستە بە واشەیەک (هێمای مردن) نیشان دەدرا. بە عێبری بە سوریجا ئەڵێن ڕافائیل. لە ئەدەبیاتی کاشپیدا پێیان ئەووت سوریگاش. هێمای دەستی سوریجا، کەڵەشێرێکی سپی- زێڕینە بە سەر دیوارێکەوە. بە قووقەی بەیانیانی ئەم کەڵەشێرە ئەڵێن

شۆفار کە لە شاخی گای قوربانیدا نمووی هەیە. ناوی ئەم گا خاتووشە(شاخە)، و هێمای خشە یان کۆچەکە. کۆچەک بە بەچکەی وشتر ئەڵێن.

وشتری ساوا یان کۆچەک نازناوی پەرستگەی کور-دیلمون (میزراخ)ە. میزراخ یان ماردوخ یان خەسرەو یان میترا بە واتای شوێنی کڵێشە کردنی ڕۆح لە کانیاوی ئاوی ژیان یان کەشپی یە و ئاماژەیە بۆ دەرکەوتنی ڕۆحی مەردوخ لە کانیاوی ئاوی ژیاندا، وا لە پریشکی بەردە چەخماخی سپی لە ئاوی ئەم کانییەدا لەدایک بووە. ماردوخ نمووی ڕووناکی و ڕەنگاڵە(منشور)ە حەوت ڕەنگەکەی بوو، کە تاوس هێمای ئەم ڕەنگاڵە بوو هەروەها تاوس نمووی کەسکاسور یان کۆڵەکەزێڕینە بوو. لە زمانی کاشپیدا بە کۆڵەکەزێڕینەیان ئەووت ئەرەخشو، ئەشکەنیەکانیش پێیان دەگوت سوخرا. واتە گەشاوە. هەروەها پێیان ئەووت ئەبەزە یان ئەپەژە بە واتای بەردی ئاوپژێن. هێمای ئەرەخشو یان کۆڵەکەزێڕینە، چەرخ بوو، چەرخ بە واتای ساڵنامە یان ساڵدەور بوو، و لە چوار وەرز یان دەم(کات) و دوانزە مانگ پێکهاتبوو.

لەو سەردەمەدا کە هێرۆدۆت گەشتی کرد بۆ کوردستانی کۆن، بە کەشپی یەکانیان ئەووت سەکە (سکیتییان). ئەوان جەنگاوەر و تیرهاوێژ و گۆرزەوان یان گورزی بوون. گورزی یان گوردی واتە ئەو کەسەی بە گورز شەڕ دەکات. هێرۆدۆت باسی ئەوان و چیرۆکی کۆمەڵکوژی سەرکردەکانی بیست و حەوت هۆزی سەکەیی لە ئەشکوز(سەقز، پایتەختی سەکە) یان خارونا لە لایەن ئیمپراتۆری ماد هۆشەیەرە(Cyaxares)ەوە دەگێڕێتەوە.

بەمانەیشەوە لە دەقە ڕۆمییەکانی سەدەی دووەمی پێش زاییندا تووشی ناوی شانشینێک دەبین کە کاریگەریی زۆر گرنگی لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەدا هەبووە. ئادیابێن یان هێدیاب یان دوین سەردەمێک هاوپەیمانی تیگران ی مەزن پاشای کوردستان و ئەرمەنستان بووە و لە سەردەمێکدا خۆی چالاکانە هەوڵی دروستکردنی خاکێکی بەهێزتری دەدا.

لە دەقە ڕۆماییەکاندا، ئاربێلا یان هەولێری ئێستا وەک بەشێک لە خاکی ئادیابێن باسکراوە نەک پایتەختی ئەم شانشینە. ئەمە ڕاستە چونکە قەڵا و جبەخانەی دوین یان ئادیابێن لەسەر چیای پیرمام دروستکراوە کە زاڵە بەسەر دەشتی هەولێردا. ئەم بەرزاییە یە ئەڕوانێ بەسەر ناوچەیەکی زۆر فراواندا و دیمەنێکی بەربازی هەیە تا دەگاتە چیای مەقلوب کە لە باکوور وا سی کیلۆمەتر لە موسڵەوە دوورە و لە ڕۆژهەڵاتەوە هەتا ئەگاتە سنوورەکانی سۆران و دیانا و ڕەواندزێ و لە ڕۆژئاواش دەشتی کەرکوک و لە باشوورەوە تا دەگاتە دەربەندی ی گۆم ئەسپان و بنارەکانی چیای سەفین.

لەم کوێستانەدا تووشی ناوی سەرنجڕاکێشی دێرینی کوردی ئەبین وا لە دەقە پاڵەوی یە مێژووییەکاندا قارەمانان و فەرمانڕەواکانی سەردەمی ئەشکانی و چوخاییەکان(کوێخاکان، دیاکۆییەکانی مای و پاڵە) پێشتردا ناویان هاتووە، وەک بەستورە کوڕی زرێوار کوڕی چوخا لهور(وەزیر و برای پاشای بەناوبانگی پیشەی چوخایی، چوخا هیستاسپ) کە لە سەدەی هەشتەمی پێش زاییندا لە سەر دەستی پێغەمبەری خۆشەویستی کورد "پیرهۆشەیەرە" واتە زەردەشت ئایینی باوک و باپیرانی خۆی گۆڕی بۆ ئایینی "مەزد-ی یەسنا".

زەردەشت یان " پیرهۆشەیەرەی چەرخی" پیەغەمەرێکی دێرینی سەر بە ئایینی بایی یان ئەنونناکی بووە، بەڵام شرۆڤەیەکی نوێی بۆ ئەم ئایینە خستە ڕوو کە زۆرێک لە نەریتەکانی ئایینی ئەنونناکی (هەناخی، مەخی، بەگی) گۆڕی لەوانەش ناساندنی قوربانیکردنی ئاژەڵ بە کاری ناڕەوا و بێ ڕەوشتانە. ئەم ئایینە لە سەردەمی ئەشکانیدا پێیان ئەووت "خیوینی" یان "ئەنوخی".

"پیرهۆشەیەرە چەرخی" کشتوکاڵ و باخداری و ئاژەڵداری وەک سەرفەرازییەکی ڕەوشتبەرزانە ئەنرخاند و مەزهەبەکەی مەیلی بەرەو خەزاییسم یان سروشتگەرایی هەبوو. خەزاییزم(ئێلی خاتی، ئێلخاسی ، ئێلخەسایی، ئێلیاسی، ئێلەخشی، ئێلخەزایی). لایەنگرانی ئایینی ئێلخاسی باوەڕیان بە دووبارە لەدایکبوونەوە هەبووە، یەکەمین ڕۆح کە لە بازنەی دەونادون ڕزگاری بووە، هوڕ یان ڕۆحی دوموزید بوو، دوموزیدیش ئیزەدی پارێزگاری زەوی بووە، دواتر لە ئاشوور بە تەموز ناویان تۆمار کردووە.

ناوە مێژوویی یەکانی دیکە کە ئێستا لە ناوچەی دوین دا هێشتا ماون بریتین لە " بادیسەر" یان "بالیسان"، کە لە دەقە ڕۆمایییەکاندا بە "ئەبدیسار" ناسێنراوە. ئەبدیساڕ لە سەدەی دووهەمی پێش زاییندا حوکمڕانی کردووە. ناوی دەسەڵاتدارانی تری دوای ئەو سەرنج ڕاکێشن و ئەو ناوانە بڕاون بە سەر ناوچەکان یان خانەدانە بەناوبانگەکانی کوردستاندا. وەک شێروان کە بێژەکردنی کوردەوانی ئارتاخەرخەسە واتە ئەرتەخشێر، یان " نەبەز" کە ناوی بەناوبانگترین شای ئادیابێنە و لە دەقە ڕۆمایییەکاندا بە ناوی "مۆنەبەز" تۆمار کراوە. هەروەها "ئازاد" کە بە "ئیزاتێس" نووسراوە و ئێستا بە "باتاس" ناسراوە و ناوی براوە بە سەر شارێکدا لە باکووری دوین. یان "میراوا" کە بە مێهرەسپ نووسراوە و ناوی لەسەر گوندێکی نزیک دوین دایە و لە بیر نەچووەتەوە. هەروەها تووشی ناوی شا "ڕەقبەکت" دەبین کە لە ڕۆژهەڵاتی دەشتی هەولێردا ناوی وەک بەحرکە بە سەر گوندێکدا ماوەتەوە. ناوێکی تری سەرنجڕاکێش کە حەز دەکەم ئاماژەی پێ بکەم بریتییە لە "ئەتیلو" کە ئێستا بە "هەریر" دەخوێندرێتەوە و "شەهرات" کە ئێستا بە "شارێ" دەخوێندرێتەوە و ناوێکی مێینەیە.

ئەم شانشینە لە سەدەی ٣ی زاییینیدا لەلایەن ئیمپراتۆریی ساسانی کوردەوە لەناو چوو و ناوەکەی گۆڕدرا بۆ "نەوشیرۆکە" یان بە کوردی مۆدێرن "شێروانە".

هەر وەک پێشتر باسم کرد ئایینی خەڵکی ئەم ناوچە، بە پێی فەرمایشی پیر هۆشەیەرەی چەرخی، ئایینی بایی و لە نەریتی ئارامییدا، ئێلخاس یان ئەلەخش شوێنی هاوسەنگی یان تەرازووی بایی بووە و بەردی ڕەشی زانایی لەوێدایە و ئەوێ شوێنی ئەبەزە یان دادوەری و دادپەروەری یە. ئەم ئایینە چەندین مەزهەبی هەبوو، بەڵام بەناوبانگترین مەزهەبەکەی میزراخی یان خوسرەوانی یان گەوری بوو.

میزراخ، خوسرەو، مەردوخ، مەرقەرەنی، ئەرەخس، ئەلەخش، ئێلخاس، ئێلی خات، خاتوش ئیلی هەموویان ئاماژەن بۆ فریشتەی گەورەی خودا میکائیل، پارێزەری سروشت و فەرمانڕەوای "بوونی بینراو و نەبینراو". میکاییل جێنشینی ئانوی باپیریەتی کە ناوەندی کێش ی گەردوون کۆنترۆڵ دەکات . ئەوو شوێنە هاوسەنگی یە و بوون و نەبوون لە سەری سوارە و هووەخشەتەرە لەوێدا ڕاوەستاوە و خودای ئافرێنەر تەقاندوویەتی و ئەوەی ئەبینرێ و نابینرێ لە هووەخشەتەرەوەیە. لەوێدا کانی ئاوی ژیان هەیە. ئانو شوێنی لۆلان(ئەلالوس)ی گرتەوە، کە خودا کۆنترۆڵی گەردوونی پێبەخشیبوو. لۆلان و کوڕەکەی "کوماربی" و "تەشوب" هێمای هێزەکانی ڕاکێشان و بەرپەرچدانەوە، هێزی ناوەندگەرایی و گواستنەوەی وزەن. ئەوان لەلایەن خودای ئافرێنەرەوە ڕاسپێردراون بۆ ڕێکخستنی یەکانگیریی گەردوون.

مەردوخ سەرەتا هوڕ یان ڕۆحی نورانی بوو لە کێش یان شوێنی هاوسەنگی کاینات وا نووکی هوەخشەتەرەی لەسەردا ڕاوەستا بوو لەدایک بووە و لەلایەن باوکیەوە جەنابی ئێنکی، جەستەی کراوە بە بەر ڕۆحیدا و ئاوی پاکی کراوە بە سەریدا(شوشتراوە، تعمید بووە). هەبوونی مەردوخ لە پانتای زوو-بان یان ئەزەلیەتدا پێناسە کراوە. ئەو لە ئاودا پریشکە بوو، ئەم ئاوە لە بەرددا بوو، ئەم بەردەش پێی دەگوترا گەوتەر یان گەوهەر یان هەور و ئەم بەردە خاوەن "خرەت" یان حکمەت بوو. واتە دینامیک بوو و بە دەوری خۆیدا دەسوڕایەوە. مەردوخ حاکمی گەردوونە. مەردوخ سروشتێکی درەوشاوەی هەبوو، بۆیە خۆر کە ڕووناکی و ئاگرە، هۆکاری دەرکەوتنی مەردوخە.

چونکە دەرکەوتن و نوخشەهەڵاتنی ماردوخ لەگەڵ یەکەم تیشکی ڕووناکی هەتاو کە لە ڕوخساری ئەدرێ لەناو ئاودا مانای سەرەتای کات و جوڵەیە کە لە خولانەوەی بەردی حیکمەتەوە دەستی پێکرد، بۆیە خاڵی دەرکەوتنی ماردوخ بە سەرەتای کات وسات واتە زەمانە. چونکە کات هەرگیز ناوەستێت، بۆیە ئەو خاڵە ناوی "نەمرایەتی"یە. نەمرایەتی شوێنی بەردی حیکمەتە و لە حیکمەتی ئەم بەردەوە

داری ژیان و درەختی حیکمەت ڕوواون. بۆیە لەو شوێنەدا پەرستگەیەکیان دروست کرد کە بە کور-دلمون ناسراوە. ئەو شوێنەی مەردوخی تێدا دەرکەوتووە بە "کۆشکی خوسرەو" ناسراوە.

"تاخی خەسرەو" بە کوردی یان " ئارمۆن هامیزراخ" بە عێبری پیرۆزترین شوێنی سەر زەوییە و لێرەوە حیکمەتی ڕۆژهەڵات یان "خوسرەو دات" یان "میزراخ دات" بوو بە گەوهەری ئایینی بایی دادپەروەری.

تاخی خەسرەو هەمان ئەرتەخشەر، هوەخشەتەرە، تیشرەی یان زەردەشتەیە. تاخی خەسرەو لە سەردەمی ساسانیەکاندا بە دادگە ئەگوترا، لە بەر ئەوە بە واتای دیوانی دادپەروەری هاتووە. ئەوێ شوێنی هاوسەنگی بوون و نەبوونە.

بەهۆی سەرهەڵدانی ژمارەیەکی زۆر لە بیرمەندان لەسەر ئەم بابەتە بنەمایی یەوە، لقی زۆر لە ئایینی بایی بووەوە و چەنای چەن ڕێبازی تر سەریان هەڵدا و چەندین پیەغەمەر و فەیلەسوف و شاهەنشا بەهۆی ئەو جیاوازی بیر و بۆچوونانەوە کوژران. هەر لەم ئەدیابێنەدا مەخێکی میزراخی کوژرا، چونکە لە تەریقەتی مەزدی یەسناوە دینی گۆڕی بۆ ئایینی مەندایی. باسی ئەم بابەتە لە مێژووی ڕۆماییدا هاتووە. بەڵام وەک وتم گۆڕە کۆنەکانی دوین بە وردی بیروباوەڕی ئایینی خەڵکی ئەم شانشینە ئاشکرا دەکەن. ئەم وێنانە هی هاوڕێی دێرینم دکتۆر هەڤاڵ نەژادن کە لە ساڵی ۲۰۱۱دا سەردانی دوینی کردووە و وێنەی زۆر جوانی لە ئەم گۆڕانە هەڵگرتووە.

لەسەر کێلی گۆڕەکان، نیشانەی خاچ(سەلیب) کە هێمای شاری کور-دیلمونە، پەرستگەی مەردوخ یان تاخی خەسرەو بە ئاراستەی نوێژکردن دەبینرێت. هەروەها نیشانەی لۆز یان خشت، کە هێمای خاچ یان پێستی مارە و وەک وتم ئیزەد میکائیل بە ماردوخ یان مەردوخ ناسراوە، "هوڕ و جا"ی هەیە واتە ڕۆح و جەستەی هەیە، کە دەکەوێتە نێوان ئەزەل یان زووـبان ی کەیوان(ساتورن) و ئەبەد یان هەتاهەتابوون ی خۆر، و ئەوێیش شوێنی هەسارەی مشتەری یان وەرمزە، و هێمای نەمری و هاوسەنگی و نەمرایەتی ئافراندن و ژیانە کە هێمای زەمانە.

لە سەر کێلی گۆڕەکانی تریشدا وێنەی خەنجێر و شمشێر دەبینین. خەنجەر یان چەرخەن هێمای چەرخ یان ئەڕادەی سوریجا یان ڕافائیل و بە واتای جووڵەی زەمان لە زووـبان ەوە بۆ نەمرایەتی یان ژیانی زەمینی یە. بەڵام شمشێر هێمای پایەی تەرازووی دادپەروەری یان چەمکی هاوسەنگی ئافراندنە، نوکی شمشێرەکە ڕووی لە زەوییە و گەودان یان کەنعانە و شوێنی ئانو سەرگەورەی ئیزەدەکانە.

کەن-ئانو یان کەنان، کەنعان بە واتای دەرکەوتە یان وێنەی ئەو ڕووداوانە دێت کە لە یەکەیەکی زەماتدا تێدەپەڕن و ئەم بیرۆکانەی خودای ئافرێنەر وا بە هزریدا دێن و ئەڕۆن ڕەهەندێکی ماددی لە گەودان

یان کەن ئانودا وەردەگرن. گەودان ئاوێنەی گەردون و جامە بەناوبانگەکەی دەست ئانووە. ئەم جامە کە لە دەقە هیتیەکاندا بە ئاشکرا باسی لێوە کراوە، لەبەردەم ئانودایە و لە ڕێگەیەوە ڕووداوەکانی جیهان دەبینێت. ئەم جامە بۆ یەکەمجار لەلایەن خودای ئافرێنەرەوە دراوە بە لۆلان و ئانو بەرپرسیار بووە لە پاراستنیدا. پاشان مەردوخ کە شوێنی ئانوی باپیرەی گرتەوە، ئەرکی پاراستنی ئەم جامەی لە ئەستۆدا بوو. بۆیە بە جامی کەی-خوسرەو ئەناسرا. جامەکەی جەم(مەی، یام، ڕۆحی مانگ) شتێکی ترە و ئاماژەیە بۆ ئەو مانگەی کە هەموو شەوێک دڵۆپێک شەرابی سوریجای تێئەکرێ. چونکە سوریجا شای مەریخ، برا بچووکەکەی شاماش، پاشای مانگە.

کەواتە خودا لە بریسکەی چاوی ئانودا کە هێمای جام ی لۆلان ە سەیری گەردوون دەکات. کەواتە ئانو چاودێر(چاوی دنیابین ی خودا یان چویی دەر، شوییدەر، هوشیدەر، خورشیدە، زی ئود خودرا، ئەرتەخشەر، هووەخشەتەرە، زەرتەشتە، تیشرەی)ە، و ماردوخیش گلێنەی ئەم چاوەیە، سوریجاش برژانگی ئەم چاوەیە، شاماش سپیایی ئەم چاوەیە،و تەڕایی ئاوی ئەم چاوەش کە پێی دەوترێت ئەشک(فرمێسک)، لە خەتان(ئینانا)ەوەیە. ئێنلیل پێڵووی چاوی ئەم چاوەیە، ئێنکی-ش برۆی ئەم چاوەیە.

لەسەر کێلە بەردینەی ئەم گۆڕانەدا، مرۆڤ دەتوانێت خۆر و دار و شتی وەک شانەی حەوت ددانە ببینێت، هەروەها نیشانەی سێ کوچکەی ئافراندن واتە: زوو-بان، گەو-دان، بوو-وەر ، کە هێمای ئێنکی لە ئەزەل، ماردوخ لە نەمرایەتی هاوسەنگیدا و ئوتوش لە ئەبەد.

بەڵام گۆچانەکە هێمای حیکمەتە لە بڕیاردا، کە کاری چوخا یان کەی-خوداکان بووە. چوخا یان خواجا پێی دەگوترا دیاخو، دی ئاگو، خودی، گودی، ئاگادی، ئەکەدی، خشە. ئەو شێوەی کە لە شانە دەچێت هێمای زەمان(کوردی)یان ئەزمان(عیبری)یە و لەڕاستیدا زو-ئانو یان ئەزەلیەتی ئانو و شوێنی ئێنکی کوڕە گەورەکەیەتی. وەک دەزانن زوانو هەمان زوبان، چوپان، شوان، چوپیا، چویما، کەشپی لە کوردیدا واتە زمان. هەر لەبەر ئەمەشە هەموو پیەغەمەران لە ڕوانینی مەنتق یا حکمەتەوە "زوو-گا-روان" یان گازروانین واتە "زووڕوان" ین یان گەوری ن. ئەوان وتاربێژ بوون و خۆیان بە شایەتی دەری ئانو و ئانو بە شایەتی دەری خودای ئافرێنەر دەزانی. با ئەوە بڵێم مەنتق(منطق) دەقاودەق وەرگێڕاوەی وشەی " زووڕەوان"ە و دواتر زۆر بە بێ منەتی و بێ حەیایی زووڕەوانی یان کردووە بە بەردی بناغەی شرک و دووانەیی بۆ خودا!... لەو نظامیە و مستنصریە و شوێنانەی خێڵی ئومەوی و عەباسی چەواشەکاری و گومڕایی تیوریزە کراوە و دراوەتە دەرخواردی مێشکی ئەو خەڵکە!!!

پەیوەندی نێوان شانە و زمان چیە؟ شانە هێمای زەمان(کات) و زمان هێمای (زووئانو، ئەنوشە، هەنووکە، هەنووزە)ەیە.

هیرۆگلیفی زمان تاق، تاخ، خات و پردە و هەروەها بە واتای پەیوەندی گرتن و بێ برانەوە بوونە. شانە هیرۆگلیفی پریشە(مەنشوور)ی ڕەنگ و چۆنیەتی ڕووناکیی ماردوخ-ە. شانە ئاماژە بە شیبوونەوەی پریسکەی ڕووناک لە ئاوی گەودان ئەکات و ئەوە چیرۆکی سەرهەڵدانی مەردوخە.

زمان بە مانای ئاخاوتن و گوتاریش دێت. کەواتە ئاخاوتن و گوتار و هزر لە بەردی ڕەشی حیکمەت یان (سیا-خڕە، خڕەسیا، خڕەشە،خڕەتە، ڕەخشە، ڕەشە، چەخڕە، چەرخە، چەهرە، چاریخ)ەوە دێ کە بەدەست ماردوخەوەیە. با ئەوەش بڵێم پریسکەی ماردوخ بە دەستی سوریجا لێدرا، بەو جۆرەی ئەو بەردی چەخماخی سپی کێشا بە بەردی سیاخڕەدا وا لە گەودان دا بوو.

سوریجا ئیزەدی پارێزەری ڕۆح و بەڕێوەبەری تیشکی خۆرە چونکە پارێزەری "شیدان" یان کورەی خۆرە. هەر لەو سۆرخەیشەوە نازناوی شیدەوان، شاندیزە، زیدانشا، زیدانتا، سوشانێس، سوشیانت، زیندوتا، ئەندزێ، ئەندێشە و گانداش، زینداگ، گازندە، پێدراوە. بۆیە هەناسە و قسە کە بنەمای بیرکردنەوە و پەیوەندین، دەرئەنجامی نووری هەستی دەستی سوریجا و هەناسە ئاکامی فووەکەیەتی لە دەمی مەردوخدا. بەڵام مەبەست ئەوەیە بڵێم هەموو ئەم ڕووداوانە ڕەنگدانەوەی ڕووداو یان ڕاستین، چونکە لایەنێکی مادییان هەیە، بەڵام واقێعی ماددی ڕەنگدانەوەی ئەو حەقیقەتە مەعنەویەیە کە لە گەوهەری ئانودا دەردەکەوێت. بۆیە ئەوەی خودای ئافرێنەر لە هزری ئانودا ئەینەخشێنێ، ئانو بە چاوی خۆی لە گودانداا ئەیگەڕێتەوە ودەرکەوتنی ماردوخ چیرۆکی هزری خودای ئافرێنەر بوو وا خستیە چاوی ئانووەوە و ئەویش نمووی فیزیکی پیدا و لە گەودان دا بەدی هێنا و لە کوڕەکانی، ئێنکی و ئێنلیل و کچەکەی ئینانا و کوڕەزاکانی واتە شاماش و نێرگال و هەروەها دوموزید پارێزوانی ڕۆح...

ئاوی ناو گەودان مارگین یان تاڵە، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی ماردوخدا ئەم ئاوە شیرین دەبێت. خوسراوانیەکان یان میزراخییەکان یان ئێلخاسەکان کە کەشپی یە کۆنەکانن، شەوی سەری ساڵی ماردوخیان کە یەکەم شەوی زستانە، شەرابی ترێی سووریان ئەخواردەوە کە هێمای ڕۆحی سوریجایە.

بە ئەم شەوە ئەڵێن "چلە" چونکە تووی درەختی ژیان لەلایەن سوریجا و ئێنکی و ئێنلیل و ئوتوش و شاماش و دوموزیدەوە فڕێ درا ناو ئاوی کانیاوی ژیان یان کەشپی(چەشمی) یەوە. ئەم تووە لە چل ڕۆژدا ڕوا و ڕۆژی چلەم ڕۆژی جەژنی سەدەیە. چونکە لەم ڕۆژەدا ئاوی کانیاوی ژیان شیرین ئەبێ و سروشت دەتوانێ خۆی بگرێ و بنەمای یەکەم ڕووەک بگرسێ لە ئاودا.ئەگەر سەرنج بدەن وشەی "seed" لە زمانی ئینگلیزیدا شێوازێکە لە ووتنەوەی وشەی "سەدە"!

بێگومان لای کورد ئەم ئاهەنگە بە "شەدەلە"ش ناسراوە چونکە لە چلەمین ڕۆژی زستاندا ناوەندی خۆر کە پێی دەوترێت شیدان یان شادە گۆشەی خۆی لەسەر زەوی دەگۆڕێت و دەبێتە هۆی ئەوەی بای "شەماڵ" یان باکور هەڵبکات. ئەم باهۆزە دەبێتە هۆی گۆڕانی کەش و هەوا و توانەوەی بەفر. هەر لەبەر ئەم هۆکارە کچانی تازە پێگەیشتوو پێچ و کڵاویان ئەبەست، یان هەوری یان سرکەیی یان ئەبەست و ئەیانکردە سەریان. جەژن و شادی ی ئەم ڕۆژە بە یادی شیرینکردنی ئاوی کانیی کەشپییەوە بەڕێوە ئەچوو، کە هاوکاتە لەگەڵ دروستبوونی هەور بەسەر ئەم کانیەدا. ئەم هەورە هەمان گاسپی،یان گۆلچەرمووی گۆری یە وا ماردوخ زۆرانی لەگەڵ گرت و لە ئاکامدا بە خنجێر لە ملی دا و ژیان درووست بوو.

لەم شەوەدا خەڵک بە ئارەقی کشمیشەوە دانگۆیان ئەخوارد. دانگۆ مەزەی ئارەق بوو. ناوی دانگۆ یەکێکی ترە لە لەفزەکانی گەودان. دانگۆ واتەی گۆ(بەردی زانایی یان خڕەشە)ی "دان" یان بەردە ڕەشەی زانایی وا لە قووڵایی کانی ژیاندایە و ئەم بەردە بە زانایی خۆی ئەو ئاوە تاڵەی شێرین کردووە.

دانگۆ ناوکی تاڵی قەیسی یە کە بە خۆش کردن واتە چەند جارکوڵاندن شیرین دەکرێت، منیش چەند جار بە یاریەی دایکم دانگۆم دروست کردووە. دانگۆ لەگەڵ خۆشاو جیاوازە. خۆشاو یان مەلیساو بە قەیسی وشک درووست ئەکرێ. هەروەها دانگۆ لەگەڵ هەجووجک جیاوازە. هەجووجک دەنکە ناوکی هەرمێ کێویلەیە و وشک ئەکرێ و ئەیبرژێنن وەک گوڵەبەڕۆژە.

لە مەی خانەکەی "سووری خانم"، کە ژنێکی سەقزی بوو، دانگۆی ناوازە لە چەن جۆرهەبوون کە لەگەڵ ئارەقی کشمیشی سەقز بە کڕیاران دەفرۆشرا. سوری خانم، جولەکەیەکی میزراخی بوو، ساڵی ۱۹۵۰ لەگەڵ کچەکەی "دینێ خانم" کۆچیان کرد بۆ ئیسرائیل.

سەبارەت بە سوریجا دەبێ بڵێم لە نێو کوردانی سولاکیدا نازناوی شا، چوخا یان شای هەیە. کوردان پێی دەڵێن "شا-سوار". ئەمەش بووە هۆی ناکۆکی لەگەڵ ماردوخیەکانی تر چونکە سوریجا نازناوی "جێنشینی ئانو"ی لەدەستدا و بەخشی بە ماردوخ. ئەرێ!، بەڵام مەردوخ نازناوی "شاشایەل" یان شای شاکانی هەیە و بانگکردنی سوریجا بە نازناوی شا، لە پێگەی شاهانەی مەردوخ کەم ناکاتەوە. شا-شا-ئێل، بێژەکردنی شا-شا-ئێلی، ئێلی-شا-شا، ئێلخاش، ئێلخاش، ئێلیشا، ئەرەخەشە، ئێلەخشە و مەلەکشایە. هیچ یەک لەو وشانە عەرەبی و ئیسلامی نین.

سوریجا نازناوی مەرد یان شایەت یان گەواە واتە بینەری ڕاستیەکانی هەیە، چونکە هێمای نموو بوونی هەناسە و بە بەرکردنی کراس واتە جسم بە سەر ڕۆحدا و گۆڕینی ڕۆحە بۆ ماددە. سوریجا یان نێرگال دوانەی ماردوخە چونکە ئامۆزا یان هامزای یەکن. سوریجا برای شاماش و پاسەوانی کاکی خۆیەتی،

هەروەها ڕادەوان ی چەرخەکەی ماردوخیشە. سوریجا لە بنەڕەتدا جێنشینی ئانو بووە، بەڵام ئەم پۆستە لەگەڵ لەدایکبوونی ماردوخدا بەو درا . دەرکەوتنی سوریجا لەگەڵ ترووسکەی هەور، دەنگ، قووقەی کەڵەشێر، شۆفار و حەپەی سەگ سێ جار لە شەودایە. ئێمە پێی دەڵێین "کەوەسوار" چونکە سواری هەورە. بە قامچیەکەی لە هەورەکان ئەدات. ناوی قامچیەکەی لە زمانی کوردیدا سولاکان-ە.

گاسور، یان گۆل چەرمووو هێمای ئاوی شیرین بوو، لە بنەڕەتدا لەو هەڵمەوە بوو کە لە ساردبوونەوەی هەڵمی کەشپی (کانیاوی ئاوی ژیان) وا بەرەو ئاسمان هەڵکشا بوو درووست ببوو. سوریجا بە سولاکان(قامچی) لێیدا، ماردوخیش بە چەرخەن (خنچەر، خنجەر، خەنجەر) لە ملیدا، و خو/ێنەکەی بوو بە باران و باری.

پێم وایە ئەوەی وا پێشتر نەمدرکاندبوو زۆریانم لەم بابەتەدا ئاشکرا کردوە، بەڵام خاڵێک بە ناتەواوی بەجێ ئەهێڵم و باسی ناکەم و ئەوەی وا کور-دیلمون کە یەکەم تیشکی خۆر کەوت لە سەر زەوی و درا لە شوێنی کوردیلمون، شوێنی لەدایک بوونی ماردوخە، بەڵام ئەوێ گاودان نییە. وەک وتم گاودان یان کەن-ئانو(ئورشەلیم)ە، بەڵام کور-دیلمون شوێنی "وەر" یان ئوتوشە، چونکە خۆر بۆ یەکەمجار لەوێ دەرکەوتووە، بۆیە پێی دەوترێت وەر-شیدە یان "ئەو شوێنەی خۆر تێیدا دەسوڕێتەوە". بەڵام بەپێی مۆدێلی سێ کوچکەی زەمان کە پێشتر نووسیومە، کور-دیلمون هێمای بوو-وەر یان "دیاردە کردنی هەبوون" واتە ئەبەدیەتە و ئورشەلیم هێمای نەمرایەتی یە، باشە ئەی هێمای زووو-پیر یان ئەزەل لەسەر زەوی کوێیە؟

لەگەڵ ڕێزمدا! هێشتا زووە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، بەڵام کاتێک ڕامگەیاند زۆر سەرت سوڕئەمێنێ لەبەر ئەوە وەڵامی پرسیارێکی زۆر قورسم داوەتەوە کە شوێنەوارناسەکان هەرگیز پێی ناگەن...

من لە کۆتاییدا ئەمە دەڵێم کە "خواناسین ی زانستیانە" زۆر جوانە، چونکە هەست بە ئاسایش و تەناهی دەکەیت تێیدا. کەواتە چاوەڕێی ئەو دەرفەتە بن کە بۆی دابین ئەکەم و ئەو نهێنیەتان بۆ ئەگێڕمەوە.

دەتوانن سوود لە لینکەکان وەربگرن و سەبارەت بە شانشینی دوین یان ئادیابێن زانیاری زۆرترتان دەس بکەوێ.

سوپاس!

ئازاد کەریمی، ١٠ی ئاداری ٢٠٢٥

https://hevalname.blogspot.com/2011/04/blog-post_06.html

https://en.wikipedia.org/wiki/List_of_kings_of_Adiabene

https://www.cambridge.org/core/journals/iraq/article/images-of-kings-of-adiabene-numismatic-and-sculptural-evidence/585AC7947F510E51A1AD2297922DE103

# Dwîn, Hediab, Adiaben

**Nvîsar ji Azad Kerîmî ye**







**Lêkolîneke dîrokî ya ku bi xwendineke rast û ser-rast li ser jêdera Kurdî ye**

**Spas ji Ahuva re ku di cîhana min de ye.**

Ger hûn Padîşahiya Adiaben li ser Wîkîpediya an malperên din lêkolîn bikin, dibe ku hûn ê hin materyalên pir balkêş bibînin. Lê belê ev malzemeya hanê ji nivîsarên Romayî yên kevnar hatiye wergerandin û navên kes û cihan di van nivîsan de ji zimanê Romanî yê kevn, ku latînî ye, wergerandine Îngilîzî. Ji ber vê yekê di kurdî de zehmet e ku meriv di nav van navên nenas de berdewamiya dîrokê ya neşikestî ji perspektîfa demkî, ango girêdana rabirdû û îroyîn de bibîne.

Zimanê Kurdî bi hemû zaravayên xwe ve ji destpêka şaristaniyê heta vê serdemê bûye zimanê herdemî yê gelê Kurdistanê. Peyva Kurd û zimanê Kurdî, di heyameke dîrokî ya diyarkirî ya hezar salên borî de, behsa hemû zarava an jî awayên axaftinê yên ku li erdnîgariya dîrokî ya welatê Medya𐎶𐎠𐎭 û Palle hebûne. Medya û Palle, bi maneya qûntara çiyayên Zagrosê û deştên pê re li her du aliyên Zagrosê, ku ji aliyekî ve digihêje Behra Xezerê, ji aliyê din ve digihêje Kendava Hormozê (Kendava Fars) û ji aliyê din ve jî digihêje rojhilatê Deryaya Sipî.

Kesên herî kevn ên ku li vê herêmê dijiyan Kaşpiyan bûn.

Kaşpî tê wateya Kaşmî an Tasa Heyvê û ji bajarekî kevnar re bi heft navçeyan tê gotin. Ji vî bajarî re Kur-Dîlmun dihat gotin û li gorî nivîsarên Sumeran beriya Tofana Mezin beriya duwanzdeh hezar salan navenda şaristaniya cîhana kevnar bû. Li vî bajarî perestgehek hebû ku li gorî Sumeriyan cihê afirandina mirovan û Baxçeyê Edenê bû. Navê vî baxçeyî di Kaşpîyan de "Dunya" an Dnya bû û paşê di nivîsên Îbranî de wek "Gan Eden גַּן־עֵדֶן" hat tomarkirin.

Di vî baxçeyî de Dara Hikmetê û Dara Jiyanê hebûn. Cihê Dara Hikmetê wekî cihê zanîna qencî û xerabiyê dihat zanîn û di dehemîn nîşana ezmanî ya Tişreyî de cih digirt.

Tişreî bi Îbranî yan Artûş bi ermenî yan jî Zerdeşt bi Sanskrîtî yan jî Hoşeyere bi Kurdî yan jî Atrush bi Siryanî jî eynî wek Huwe-Khshe-Tere ye, ku bi îngilîzî

tê wateya kampus an bihuşt. Cihê hevsengiya gerdûnê ye. Nivîsên Sumerî li ser padîşahên beriya lehiya mezin û hilweşandina perestgeha Kur-Dîlmun û Dunya(dinyayê) ji ber vê lehiyê dinivîsin. Ev xeletî di nav dîroknasên kevnar de hate kirin ku xeniqîna Dunya (Baxçê Eden) bi wateya xeniqîna Erdê şîrove kirin. Ji ber ku di zimanê Kaşpî de Dunyaş an jî Dunya tê wateya qada dinyayê an jî berfirebûna Dinyayê.

Di rastiyê de, Dunya beşek ji tembeya Kûr-Dîlmûn bû ku klorofîla yekem, ku jêdera xwezayê bû, lê mezin bû. Wan navê Kûr-Dîlmûn bihuşta milyaketên Anûnnakî kir. Fenîkiyan ji Anûnnakî re digotin "Enaqî". Li gorî Pirtûka MaAnûygi Khrrata an jî Hikmeta herheyî, gelê Kûr-Dîlmûn, ku paşê bi navê Khunira Baamik i Arinim Waiche û Asûriyan ji wan re Xaruna û Shuraawa, yanî ava Şurawe an jî ava şor, gelên stûr û mezin bûn.

Di zimanê kurdî yê kevn de ji Anûnnakî re "Kainaani" an "Kayaani" an "Kaani" ango kaniya dihat gotin û xwe li wan didanîn. Di nav eşîrên din ên Kurdistana kevin de ji Anûnnakî re "Henaxî" û "Anaashî", "Ashaanî" û "Anshaanî" û "Keşanî" dihatin gotin. Keşanî heman Kaşpî an jî Tasa Heyvê bû, di Încîlê de Kaşpî an Keşenî wekî Kuş hatiye tomarkirin. Keşpî an jî Tasa Heyvê bi rastî tê wateya "Çavê Dinyayê ber bi Heyvê". Ev wate di kaniya ava şor a ku min berê behs kiribû de xuya bû. Keşpî bi rastî Kaş-Mî an Çeş-Mî an jî Çavê Heyvê ye. Bi rastî, ev xala li ser rûyê erdê dikare heyvê ya şeva yekem, ku ji dinyayê pir dûr e, bibîne.

Vê kaniyê ji aliyê zozanekî bi navê "Tengî Wer" ve dihat parastin. Tengi an jî Tancî, Tajî paşê bi navên Dengî, Şengî, Sengî, Zengî, Genjî, Jengî, Genzî, Enzî, Eznu, Esnu, Nuzî, Nuza hatiye dubarekirin.

Sumeriyan Tangî-Wer an jî Zengî wekî Shagi û bav û kalên xwe dane Şegî-Ge, Şeki-Ke, Keşî-şa, Şeko, Çeko, Seqo, Seko, Seka, Segwan, Zengîna, Zengî Waan an jî Xwediyê Kûçik. Sagwaan bi rastî tê wateya şivan û pêxemberên

kevnar sernavê "Şivanê Çuxa" dane xwe da ku îspat bikin ku ew pîvanên ola Anûnnakî ne. Bi rastî şivan jî heman "Çuy-Pa" ye ango çavê heyvê ye ku Keşanî an jî kaniya heyvê ye. Keşanî mirovên dêw bûn û gelê Kûr-Dîlmûn, li gorî pirtûka MAnûyigi Xrata, zêdetirî du hezar sal berê hatiye nivîsandin. Di pirtûkê de bi îronîk hatiye nivîsandin: Ew Uşîder bûn, yanî Derwêşî û bêhiş bûn. Uşîder bi zaravayê Hewramî yê niha tê gotin: Çeşmî-Der an jî Çeşmî-Yer ku tê wateya kaniyê. Yanî ew heman gelê Keşanî ne.

Navê vî miletî li perestgeha Kûr-Dîlmûnê bi esnafê xwe hatiye binavkirin. Panzdeh esnafan hebûn, û her şev yek ji wan esnafan nobedariya vê perestgeha ku agirê Erxewanî yê binê erdê hebû, dikir. Ev agir rengê Allî bû û All bi kurdî tê wateya sorê xwînê, ku jê re Erxuna an jî Erxewan dihat gotin. Suryaniyan ew wek Xaruna tomar kirine û Pirtûka Ebedîtiya Hikmetê an jî “MAnûyigî Xrrete” ku bi zimanê kurdî Palleyî hatiye nivîsandin, wek Xunîre tomar kiriye. Ev agirê mor hem sor bû û hem jî di nîşana ezmanî ya gerstêrka Mahru an jî Makhru de bû.

Maxru an jî Marûx di nivîsên Palluyî de tê wateya gerstêrka Mars. Bi rastî jî Ereban Marûx wek Merîx bilêv dikirin. Merûx, Xurem, Xumar, Margî, Harkî yanî tirş, Parêzgerê keleha Medyayê, Mêrg, Goz.

Min ev pêşgotina nisbeten dirêj nivîsî da ku peyva Kashpi û bilêvkirinên wê yên dîrokî yên paşerojê wekî: Kaşî, Kuşî, Keşanî, Sekaa, Komasî, Maşkî, Eşkî, Zengî, Sengena, Menguyî, Meguyî, Beguyî, Sengupî, Sengutî, Engutî, eangutî, Gutium, hwd.

Di vê navberê de peyva Seka (Skîthya, Îskît) hîn jî di nivîsarên Romayî yên ji sedsalên 2 û 1 berî zayînê de heye. Wek mînak, di nivîsarên girêdayî mîrektiya herêmî ya Adiabenê de li derdora çemên Xabûr û Zab ên Biçûk û Mezin, ku Hewlêr, Rwandzê, Soran, Mûsil, Badînan, Kerkûk, Cizîra-Botan, Amedî, Amad, Şngal, Dasinan û Mêrdînê dihewand. Di van nivîsan de, qral, şahbanû û tac yê

vê qraliyetê wek Nebez (Munabaz), Hêlîn û Azad (Îzates) ên ji koma Îskît tên nasîn. Qralîçe Hêlîn ji mezheba Mîzraxî an Xusrewanî-Cihûyan bi weazê bazirganekî cihû yê bi navê Hananiya bin Elî Ezer veguherî mezheba Cihûyên Urşelîm an Kenanî. Ew çû Urşelîmê û pere ji xêrxwazan re kir, ji xwe û kurê xwe "Azad" re qesr û avahiyên luks çêkirin û li wir wefat kir.

Xelkê vê padîşahiyê peyrewên ola kevnar a Baayî û mezhebên wê yên curbecur bûn, di nav wan de Keldî, Asûrî, Sûlakî, Xuzayî yan Elxasî, Gewrî yan Xawerî, Şemaşî, Çerxî, Meşyaxî, Mîzraxî yan Xusrewî, Ekakî, Yarî, Guranî, Merdî, Derwêşî, Ertûşî, Palluyî û hwd.

Cudahiya “ekola Mîzraxî Bayî” û mezhebên wê û “ekola Kenanî Bayî” di mijara xwezaya giyan û mijara jiyana piştî mirinê de bû. Di ekola Mîzraxî de bawerî bi vejîna giyanên piştî mirinê hebû, lê ekola Kenanî ku ji ola Amonîzma Kiptî bandor bûbû, bi rêwîtiya giyan a piştî mirinê ya dinyayek din bawer dikir. Ango giyan xwedî eslekî hebûnî û çarenûseke bi laş bû, û giyan û laş ji berê heta hetayê bi hev ve girêdayî bûn û giyanê ku piştî mirinê ji laşekî veqetiyabû, ji nû ve di laşekî din de nedihat ku ji nû ve bijî. Belê, giyan, dema ku ji laş tê veqetandin, diçe cîhanek din, û paşê di demek diyarkirî de, ku kes nizane kengê, hemî giyan vedigerin laşên xwe yên mûmyakirî û di wan de vedijînin, û paşê radibin û ji nû ve dest bi jiyanê dikin.

Lê ekola Mîzraxî bawer dikir ku vejîna giyan bi ceribandina giyanan li ser pira "Çin-Ma" ye. Çinma di kurdî de heman peyva Çi-Ma ye, yanî "Çima". Ev pir cihê ceribandina giyanê ye ji bo ketina “DuzexDere” yan jî Xurşîda û DuzexDere, an “Zî Ud Xudra” yan jî geliyê dojehê heman Uşîder an navenda rojê ye û parêzgerê wê Nergal an jî Sûrîca ye. Milyaketek ku sembola wî destekî hesinî ye ku bi pênc tiliyên vekirî ye. Ev desta ku jê re dibêjin «Erdîwesûr» an Dîwarşîr, Erdeşîr, Berdûşîr, Sûrewerd, nîşana destana «Sûreke» an jî melekê Nêrgal e. Pênc tiliyên vê destanê bi Şimqar (sembola mirinê) dihatin nîşandan. Navê wî yê Îbranî Raphael e. Di edebiyata Keşpî de jê re dibêjin Surîgaş.

Nîşana destê wî dîkê spî-zêrîn e ku li ser dîwarekî radiweste. Ji banga sibê ya vî dîk re Şofar tê gotin, ku di stûyê çêleka qurbanê de diyar dibe. Navê vî çêlek Xatûş (Şaxa) ye û nîşana Xşe an jî Koçek e. Koçek zaroka deve ye.

Deveya zarok an jî Koçek yek nasnavê perestgeha Kûr-Dîlmûn (Mîzrax) e. Mîzrax an Merdûx an jî Xusrew tê wateya cihê gihandina giyanê di kaniya ava jiyanê ango Keşpî de, û amaje bi derketina giyanê Merdûx ji kaniya ava jiyanê ye û ew ji çirûskek çirûskek spî di ava vê kaniyê de çêbûye. Ew diyardeya ronahiyê û heft rengên wê bû û di Tawsê de jî diyardeya Keskasor. Di zimanê Keşpî de ji Keskasor re digotin Erexşu û Parthiyan jê re digotin Suxre. Yanî geş. Sembola Erexşu an jî Keskasor çerxek bû, û çerx wateya salnameya salane an jî Saldor bû û ji çar demsalan û dozdeh mehan pêk dihat.

Ji gelê Keşpî re di dema Heredot de ku li Kurdistana kevin geriyaye Seka (Îskît) dihate gotin. Ew şervan, kevandar û Gurdî bûn. Gurdî an jî Gurzî tê wateya kesê ku bi Gurzê re şer dike. Heredot li ser wan û çîroka qirkirina serokên bîst û heft eşîrên Îskît li Eşkuz (Seqiz, paytexta Îskîtan) an jî Xaruna ji aliyê împaratorê Medya Hosheyere (Cyaxares) vebêje.

Bi van hemûyan re, em di nivîsên Romayî yên ji sedsala 2-an a B.Z. de bi navê qralîyetek re rû bi rû dimînin ku bandorek girîng li hevkêşeyên siyasî yên wê serdemê kiriye. Adiaben an Hediab an jî Dwîn demekê hevalbendê Tîgranê Mezin, padîşahê Kurdistan û Ermenîstanê bû û demekê wî bi xwe jî bi awayekî aktîf hewl dida ku herêmek bihêztir biafirîne.

Di nivîsên Romayî de, Arbela an jî Hewlêra îroyîn wekî beşek ji axa Adiaben, ne paytexta wê, tê binavkirin. Ev rast e ji ber ku keleh û garnîzona Dwîn ango Adiaben li ser çiyayekî bilind ê bi navê Pîr-Mam ku li deşta Hewlêrê serdest e, hatiye avakirin. Ev devera çiyayî li devereke gelek fireh serdest e û dîmenek wê

heya Çiyayê Meqlûb, li bakur sî kîlometran ji Mûsilê û li rojhilatê Ruwandzê, û li rojava deşta Kerkûkê û li başûr jî “Derbend î Gom Espan”, heye.

Li van çiyayan hûn rastî navên balkêş ên kurdî yên kevnar ên ku di nivîsarên paleografî yên leheng û mîrên dîrokî yên serdema Eşkenîyan û berê de hatine dîtin, wek “Bestore” kurê Zrêwer kurê Çûxa Lhor (wezîr û birayê şahê navdar ê Çuxayîyan, Çuxa Hîstesp) yê ku berî zayînê di sedsala 8an de berê xwe da pêxemberê kurd Zerdeşt û bû oldara ola wî ya “Mezd î Yesna”.

Zerdeşt an ji Hoşeyere pêxemberekî kevnar û girêdayî ola Bayî an Anûnnakî bû, lê wî şiroveyeke nû ji vê olê re da ku gelek kevneşopiyên ola Anûnnakî, ku di serdema Eşkenîyan (Partiyan) de jê re “Xiyunî” an Enuxî (Enochian) dihat gotin, guherand, di nav de ew qurbankirina heywanan wekî heram û bêexlaqî ragihand.

Wî çandinî, baxçevanî û sewalkarî wek fezîletên exlaqî didît û mezheba wî ber bi “Xezaîzmê” an jî xwezayîbûnê ve diçû. Xezaîzmê (Elî Xas, El-Xesayî, Eliasî) bawerî bi vejînê hebû, û yekem giyanê ku ji çerxa vejînê derket, ruhê Dumûzîd hate hesibandin, û Dumûzîd jî milyaketê serwerê erdê bû, ku piştre Temmuz hate gotin.

Navên din ên dîrokî yên ku niha li herêma Dwîn têne zanîn ev in: "Badîsar an Balîsan", ku di nivîsarên Romayî de wekî "Abdisarre" tê nasîn. Berî zayînê di sedsala 2an de hikim kiriye. Navên padîşahên din ên piştî wî balkêş in û li herêm an jî xanedanên navdar ên kurdan nemir bûne. Wek Artaxerxes, ku bilêvkirina wî ya kurdî Şêrwane , yan jî Nebez, ku navê şahê herî navdar ê Adiabenê ye û di nivîsarên romî de wek Monabazes hatiye tomarkirin.

Herweha "Azad" di "Izates" de hatiye nivîsandin û niha bi navê "Batas" li bajarekî bakurê Dwîn tê naskirin. An jî "Mîraawa" bi Mehresp hatiye nivîsandin û navê wî li gundekî nêzîk tê bîra wî. Em rastî navê şahê “Reqbekt” jî tên ku navê wî li devera “Behrke” ya li rojhilatê deşta Hewlêrê hatiye bibîranîn.

Navekî din ê balkêş ku ez dixwazim behs bikim, "Etîlu" ye ku niha bi "Tîleko" tê bilêvkirin û "Şehret" ku niha bi "Şarê" tê bilêvkirin û navekî mê ye. Lê niha bi navê "Herîr" li bajarekî nêzîkî Batasê tê naskirin.

Ev mîrnişînî di sedsala 3'an a zayînî de ji aliyê Împeratoriya Sasaniyan a Kurdan ve hatiye rûxandin û navê wê bûye "Newşîroke" an jî bi kurdîya îroyîn bûye "Şîrwane".

Weke ku min got, ola gelên vê herêmê li gorî Zerdeşt ola Bayî an Bahî û di kevneşopiya aramî de jî El-Xas bû. Gelek mezhebên vê olê hebûn, lê mezheba wê ya herî navdar Mîzraxî yan Xusrewanî yan Gawrî bû.

Mîzrax , Xusrewe , Merdûx , Marqerenî hemû behsa melekê Xwedayê mezin Mîkaîl dikin. Ew parêzgerê xwezayê û parêzvanê “hebûna Xuya û Nexuyan” e. Ew cîgirê kalikê xwe Anû ye, yê ku navenda giraniya gerdûnê kontrol dike. Anû ket şûna Lolan (Alalus), yê ku Xwedê kontrola gerdûnê dabû wî. Lolan û kurê wî "Kumarbi" û her wisa "Teşub" sembola hêzên kişandin û paşvekişandinê, hêza navendî û veguhestina enerjiyê ye. Ew ji aliyê Xwedayê Afirîner ve hatine wezîfedarkirin ku nîzama gerdûnê birêkûpêk bikin.

Merdûx bi giyanek ji dayik bû û ji hêla bavê xwe Enkî ve hate Noqkirin û bi laş kirin. Hebûna Mardûx di Rabihûrîya demê de hate pênase kirin. Ew di avê de çirûsk bû, ev av di kevir de bû, û ji vî kevirî re digotin Gau-ter an Gewher û xwediyê Xrrat an jî Hikmetê bû. Yanî dînamîk bû û li dora xwe dizivirî. Mardûx serwerê gerdûnê ye. Merdûx xwediyê cewhereke nûranî bû, lewma tava ku ronahî û agir e, sedema diyarbûna Merdûx e.

Ji ber ku xuyabûn û diyarbûna Merdûx bi tîrêja yekem a ronahiyê ku li ser rûyê wî di nav avê de radibe, tê wateya destpêka dem û tevgera ku di zivirîna kevirê hikmetê de dest pê kiriye, lewra xala xuyabûna wî destpêka zeman hate hesibandin. Ji ber ku dem qet namîne, lewma jê re gotin nemirî. Nemirî cihê kevirê aqil e û ji hikmeta vî kevirî dara jiyanê û dara şehrezayiyê derketiye. Ji

ber vê yekê, li wê derê perestgehek ku bi navê Kûr-Dîlmûn tê naskirin, çêkirine. Cihê ku Merdûx lê derketî jî bi navê "Taqa Xusrewe" dihat naskirin. Mîzrax cihê herî pîroz e li ser rûyê erdê, û ji ber vê yekê Hikmeta Rojhilatî an "Xusrewa Dat" an "Mîzrax Dat" bû bingeha ola Bayî ya edaletê.

Ji ber derketina gelek ramanwerên li ser vê mijarê, gelek mezheb ji vê olê veqetiyan, hinek ji wan hatin dabeşkirin û ji ber van cudahiyan gelek pêxember, feylesof û padîşah hatin kuştin. Di heman Adiabenê de, meleyekî Mîzraxî ji ber ku ji mezheba Mazd i Yasna derbasî Mezhebê Mendayî bû hat kuştin. Danasîna vê di kronîkên Romayî de hatiye dayîn. Lê li Dwîn, wek ku min got, gorên kevnar ên li wir bi rasteqînî baweriyên olî yên mirovên vê padîşahiyê eşkere dikin. Ev wêne yên hevalê min ê kevn Dr.Heval Nejad in ku di sala 2011an de çûye bajarê Dwîn û wêneyên xweş ji van goran kişandiye.

Li ser kevirên goran nîşana Xaç ku sembola bajarê Kûr-Dîlmûn e, Perestgeha Merdûxê rêya duakirinê tê dîtin. Her weha nîşana rombus an kerpîç, ku sembola xaç an çermê mar e, û wekî min got, cenabê Mîkaîl bi Mardug an Mardux tê nasîn, yanî ruh û laşê wî heye, ku di navbera berî-ebediyeta Keywan an Saturn û bêdawiya rojê de ye, û ew Jupiter an Wermiz e, û ew sembola nemiriyê, hevsengiyê û berdewamiya afirandin û jiyanê ye, ku sembola wê demê ye.

Di gorên din de şiklê xencer û şûr tê dîtin. Xencer sembola Çerx (teker) an jî erebeya Sûrîca an Rafaîl e û tê wateya tevgera demê ji pêş-ebediyetê berbi nemiriyê an jî jiyana dinyayî. Lê şûr bingeha stûna terazûya dadmendiyê an jî têgeha hevsengiya afirandinê nîşan dide, serê şûr ber bi erdê ve ye û li wir Geudan an jî Kenan heye û cihê Anû şahê milyaketan e.

Geliyê Anû tê wateya rengvedanek an wêneyek bûyerên ku di yekîneyek demê de derbas dibin, û ev ramanên Xwedayê Afirînerê ku di hişê wî de derbas dibin di Geudan an Kenan de pîvanek maddî digirin. Geudan neynika gerdûnê û kasa Anû ye. Ev kasa ku di metnên Hîtîtiyan de bi awayekî eşkere behsa wê tê kirin,

li ber Anû ye û bi wê re bûyerên dinyayê dibîne. Ev kasa yekem ji hêla Xwedayê Afirîner ve ji Lolan re hate dayîn û Anû berpirsiyarê parastina wê bû. Dûv re Merdûx, ku li şûna bapîrê xwe Anû, berpirsiyar bû ku vê kasê biparêze. Ji ber vê yekê jî wek qedeha Key-Xusrewî hat naskirin. Kasa Cem(Mey) mijareke din e û amaje bi heyvê ye ku her şev dilopek şeraba cenabê Sûrîca tê de tê rijandin. Ji ber ku Sûrîca padîşahê Baram an Marsê ye, birayê piçûk Şamaş, şahê heyvê ye.

Her wisa Xwedê bi bîbîlokê çavê Anû li gerdûnê dinêre. Îcar Anû çavê dinyaparêzê Xwedê ye, û Merdûx bîbîlokê vî çavî ye, û Sûrîca qermiçên vî çavî ye, û Şamaş spîya çavan e û ava vî çavê ku jê re Eşk (hêsir) tê gotin, ji Xetan (Inanna) ye. Ênlîl qalikê vî çavî ye, Ênkî jî berika vî çavî ye.

Li ser van kevirên goran, roj, çolek û tiştek mîna şeh bi heft diranan û her weha nîşana bêdawîtiyê, ku sêweya zeman sembolîze dike, ango Zû-Geudan-Bû, ango Ênkî di pêş-ebediyetê de, Merdûx di nemiriya hevsengiyê de û Utush di ebediyetê de tê dîtin.

Lê goçan di dîwanê de sembola şehrezayiyê ye, ku karê Çûxayan an jî Key-Xudayan bû. Ji wan re Diaxu, Xudî, Gudî, Agadi, Akkadi û Xşe dihat gotin. Şêweyê ku dişibihe Şê, sembola zemanê (Kurdî) an jî ezman(îbranî) ye û bi rastî Zû-Anû an jî berî-ebediyeta Anû ye û cihê Ênkî kurê wî yê mezin e. Wek hûn jî dizanin Zû-Anû di kurdî de wek Zuban, Chupan, Shuan, Chuyipa, Chuyima, Keşpî an jî Ziman ango ziman e. Ji ber vê yekê hemû pêxember Zurwanîst in û peyvbêj bûne û xwe şahidên Anû û Anû wekî şahidên “Xwedayê Afirîner” dihesibînin.

Çima Zar û Şê bi hev ve girêdayî ne? Şê nîşana Dem (Zeman) e û (Zû-Anû) Ziman tê wateya Keskesor û pirê. Tê wateya girêdanê. Şê tê wateya prîzma rengan û kalîteya ronahiya Mardûx. Şê tê wateya perçebûna ronahiyê di avê de û ew çîroka derketina Mardûx e. Lê ziman jî tê wateya dengê. Ji ber vê yekê

peyvin û axaftin û raman ji kevirê reş ê hikmetê ango (Sya-Xrre, Xrresya, Xreşa, Reşa) ku di destê Merdûx de ye tê. Lê ronahiya Merdûx bi destên Sûrîca li kevirê şehrezayiyê ango Geudan hate lêdan.

